زنجیرە نامیلکەی ناوەندی چاوی کورد ژمارە (١٦)

# کوردەکانی

## پشت چاکانی قەفقاس

## مێژوو و تراژیدیای ژیانیان

نوسینی:

وەهاب حەسیب

Chawykurd Center for Political Development

2022

# کوردەکانی

## پشت چیاکانی قەفقاس

## مێژوو و تراژیدیای ژیانیان

نوسینی:
وەهاب حەسیب

2022

**ناوی کتێب:** کوردەکانی پشت چیاکانی قەفقاس مێژوو و تراژیدیای ژیانیان
**بابەت:** لێکۆڵینەوە.

**ناوی نوسەر:** وەهاب حەسیب.

**نجیرەی :** شازدەهەم.

**ساڵی بڵاوکردنەوە:** ٢٠٢٢ سلێمانی.

**دیزاینەر:** ئاسۆ عیزەدین.

**لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی چاوی کورد بۆ پەرەپێدانی سیاسی.**

# ناوەندی چاوی کورد بۆ پەرەپێدانی سیاسی

ناوەندێکی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی قازانج نەویستە، کاردەکات بۆ پەرەپێدان وقوڵکردنەوەی هۆشیاری سیاسیی گشتگیر لەکۆمەڵگای کوردستاندا، لەڕێگەی ئەنجامدانی توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی کتێب ولێکۆڵینەوەی زانستی لە بواری سیاسی و فەرهەنگی و ڕوناکبیریدا، بەئامانجی پێگەیاندنی هاوڵاتی کوردستانی لەسەر بنەمای نیشتمان پەروەری و شانازی نەتەوایەتی، بەدور لە دەمارگیری، لەگەڵ دورکەوتنەوە لە خۆبەکەمزانین لەبەرانبەر ئەوانی تردا" ناوەندی چاوی کورد، دەیەوێت پرۆسەی (دەوڵەتسازی و نەتەوەسازی و نیشتمانسازی) بکات بە خەمێکی گشتی و لە کایەی مەعریفەی گشتیدا بیچەسپێنێت، بەجۆرێك کە خزمەتی ئامانجە سەرەکیەکەی خەباتی هاونیشتیمانیانی کوردستان بکات کە گەیشتنە بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

ناوەندی چاوی کورد بەئەرکی خۆیی دەزانێت کاربکات لەپێناو پەرەپێدان وچاودێریکردنی پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا، هاوکات کاردەکات بۆ قوڵکردنەوەی کەلتوری پێکەوەژیان و قبوڵکردنی جیاوازییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەدوور لە جیاکاری ڕەگەزی، ئاینی، نەتەوەیی و ئایدۆلۆژی. تەنها لەسەر بنەمای هاوڵاتی بوون.

ناوەندی چاوی کورد ماڵی گشت توێژەران و ئەکادیمیستە دڵسۆزەکانی کورددستانە، دوانگەی بیروڕا و سەکۆی خستنەڕوی بیروڕا و کارە زانستیەکانیانە. لەساڵی ٢٠١٨ دامەزراوە و ئۆفیسەکەی لە شاری سلێمانیە.

## دەستپێك:

کورد یەکێکە لە کۆنترین کۆمەڵە گەلانی ناوچەکانی ڕۆهەڵاتی ناوین، لێکۆڵینەوەکانی بواری ئەنترۆپۆلۆژیا سەلماندۆیانە مرۆڤ بەرلە مێژوو ئەم ناوچەیەی ئاوەدان کردۆتەوە، تاتە قورەکانی شارستانیەتی نێوان دوو ڕوبار باشترین گەواهیدەرن. گەزەنەفۆن لە گەشتەکەیدا لە وڵاتی فارسەوە بۆ یۆنان بە کوردستادندا تێ پەڕیووە و باسی کورد و ئازایەتی شەرکەرانی کورد دەکات.

زۆربەی مێژوو نووسەکان کۆڕان لە سەر ئەو ڕاستییە میدێکان ساڵی "شەششەت و دوازدە" ی بەر لە زاین بە سەر ئاشورێکاندا زاڵبوون، ئەوان باوە گەورەی کوردن، لە هەزارەی دووەمی بەر لەزاین لە ڕۆئاوایی کوردستان نیشتە جێبوون. ئەم تیۆرە لە ئینسووکلۆپیدیای ئیسلام و بەریتانیایدا جێگیرکراوە.

دوای ڕوخانی دەوڵەتی میدێکان ناوچە هەزار ساڵ لە لایەن فارسەکانەوە بەڕێوەبراوە، بەڵام ئەو خانەوادانە هەرگیز نەیانتوانیوە بە سەر کورد شاخاوێکاندا زاڵبن وەك گەزنەفۆن لە کتێبەکەیدا باسیدەکات. ئەوکارەش هۆکار بووە ناوچەکە ببێتە گۆڕەپانی چەنگ لە نێوان ئیمبراتۆرەکانی فارسی، یۆنانی و ڕۆمانی. جەنگەکان هۆکاربوون بۆ دارمانی ناوچەکە لە هەموو بوارێکدا لەونێوەندەدا کورد نەیتوانیەوە یان نەیانهێشتووە دەوڵەتی سەربەخۆیی لە سەر خاکی باب و باپیرانی بونیاد بنێت، بەڵام هەمیشە بە شێوەیەکی دابڕاو و نیمچە ئازاد لە سەر ئەو ناوچانە دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوابووە، هیچکات لە نێو ئەو شارستانیەتانەدا نەتواونەتەوە.

**- کورد و ئاینی ئیسلام:** ساڵی ٦٣٠ زاینی وەرچەرخانێکی گەورەیە لە مێژووی نەتەوەی کورددا، لەم مێژووەدا دوا بنەماڵەی فەرمانڕەوای ساسانێکان لە سەردەستی عەرەبی موسڵمانی سارانشین دەسەڵات و تەختیان تارو مار کریا، ئەڤ ڕویدانا پڕ باشبوو بۆ حەمی وڵاتی کوردان،

چونکە کورد لەو گۆشەگیرەیە هاتە دەرەوەو رزگاریبوو، ئاینی بسڵمان نەتەوەیەکی لە سەر بنەمای هاتنە پاڵ، نەك ڕەگەز "إنتماء" پێکهێنا، لێرەوە رایەڵەی تازە لە نێوان کورد و نەتەوەکانیتردا دروستکریا، ماوەی هەزار ساڵە کورد بەشێکە لە نەتەوەی ئیسلام، هاوکات پارێزگاری لە تایبەتمەندی زمان و نەتەوایەتی خۆیی کردووە. سەرەتای تێکەڵاوبوونیان لە تەك نەتەوەکانیتردا بەشداربوو لە گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرێکاندا، لە سەدەی نۆهەمەوە بەشداری شرۆش و بەرخودانەکانی کردووە دژ بە دەسەڵاتی ناوەندی لە بەغداد، لە لاوازی دەسەڵاتی ناوەندی لێرەو لەوێ دەسەڵاتی ناوچەیی و بەڕێوەبردنی خۆسەری نیمچە ئازاد دروستبوون.

لە ماعبەینی سەدەی یازدە بۆ چواردەی زاینی لە چوارچێوەی ڕاپەرین و بە ئاگاهتنەوەی گەلانی ناوچەکە کوردیش دەستیکرد بە بونیادنان و دروستکردنی شار، ئاودانەکردنەوەی ناوچەکان و کردنەوەی قوتابخانە و فێرگەی جوداواز بەشداربوو لە بەرەو پێشبردنی ژیانی زانستی، ڕۆشنفکری و کۆمەڵایەتییدا.

لە نێوان سەدەکانی سیازدە تا شازدە ڕۆهەڵاتی ناوین لە سەر دەستی تورکە مەغۆلەکان خاپورو وێران کرا، خەلیفەکانی عەباسی دەسەڵاتیان غلۆربووە و چرای بەختیان کوژیاوە. پێشتر ناوچەکە قیبلەگای جیهان و مەشخەڵی زانست بوو. دواتر دوو زلهێز ئیمراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی لە ناوچەکە هەڵتۆقان وگەشەیان کرد، خاکی کوردستانیان کرد بە گۆڕەپانی ململانی و یەکلاکردنەوەی بەرژەوەندیە رامیاری، ئاینی و ئاینزاکانیان. بە خاتری زۆر هۆکار زۆرینەی کورد پاڵیاندا وە پاڵ عوسمانێکانەوە، دوای زنجیرە شەڕو پێکدادانێك لە نێوان هەرتك زلهێز و لە ساڵی ١٦٣٩ کوردستان دابەشکرایا، لە ژێر سێوەری بارودۆخی نوێدا کۆمەڵە شارێك لە ناوەڕاستی کوردستان دەرکەوتن وەك بەدلیس، ئامەد و جەزیرە لەو ڕۆژگارەدا کانگای ژیار و ڕۆشنبیری بوون.

## - کوردەکانی پشت چیاکانی قەفقاس " قەوقاز"

ماوەی هەزار ساڵ کوردەکان وەك کۆمەڵی گەورە لە ناوچەی قەفقاس یاخود پشتی چیاکانی قەوقاز دەرکەوتبوون، بە تایبەت لە نێوان سەدەی دەهەم تا دوازدەهەمی زاین، لەو ماوەیەدا چەندین بنەماڵە لە نێوان ڕووبارەکانی کوراو ئاراس فەرمانڕەواو سەرداربوون وەك "حەسنەوێکان، شەدادێکان و ڕەوادێکان" هەروەها لە شاری گەنجەی ئازابایجان و وڵاتی ئازەربایجان کە یە کێکە لە شارە گرنگەکانی دەوڵەتی شەدادی، سەردارو ناسرابوون شاری گەنجە زێدی شاعیر نیزامی گەنجەوییە، ئەم شارە نها دەکەوێتە ئازبایجانەوە. مینورسکی کاتیك باسی بنەماڵەی شەدادیَکان دەکات بە کوردیان دادەنێت.

لە سەدەی حەڤدەهەمدا و بە فەرمانی شا عەباس بە پاساوی پاراستنی سنوور لە هێرشی تورکمان و تاتارەکان کۆمەڵی کوردان لە خوراسانەوە داکشان بۆ ئەو ناوچانە، دواتر ناویانریان کوردەکانی خوراسان، بە گوێرەی کتێبی " کوردەکانی یەکێتی شۆرەی پێشوو" پاشان ئەو خەلقواللە یە ڕویان لە باکور کردوە، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا و بەتایبەت لە شاری "ئیشك ئاباد" ساکین بوون.

دەرئەنجامی جەنگەکانی ڕووسیای قەیسەری لە تەك هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوێکاندا ناوچەکانی پشت چیاکانی قەفقاس کەوتنە بندەستی ئەو وڵاتە، زۆربەی دانیشتوانی ناوچەکە کوردبوون، دواتر کۆمەڵێکیتر لە کوردە ئێزیدێکان لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و باشووری کوردستان لە ماوەی شەری عوسمانی و ڕوسەکانداو لە نێوان ساڵانی ١٨٣٥ بۆ ١٨٣٦، دواتر ١٩١٤ بۆ ١٩١٨ ڕوویان لەو وڵاتە کرد، پێشتر ئەوان وەك جەنگاوەرو سەرباز لە سای دەوڵەتی عوسمانێکاندا کاریان کردبوو.

سوپای ڕووسیا لە ساڵانی ١٨٧٧ بۆ١٨٧٨ هاوشانی کۆمەڵە چەکدارێکی کورد کە هەزارو سێسەد جەنگاوەربوون جەنگاوە، ئەوان بۆ سوپای

ڕووسیا پڕ بایەخبوون، ڕاپۆرتەکانی ئەو ڕۆژگارە لە بارەیانەوە خاسیان نووسیاوە، چەکدارەیلی گشت ئەو ڕەگەزانەیان ڕامکردبوو کە کێشە و ئالەنگاریان بۆ ڕووسەکان خولقاندبوو.

بە گوێرەی هەمان سەرچاوە، ڕووسەکان لە شەریاندا لە تەك ترکەکان چوار تیپ لە سەربازە کانیان کوردبوون، یەکێکیان کە چوارسەت سەروازبوو پاکی کوردبوو، فەرماندەکەی ئەفسەرێکی ڕووسی جێگرەکەیشی بەگێکی کوردبوو، لە ناو تیپەکەدا مەلایەك، یاریدەدەرێك و هەڵگری پۆستە و پەیامەکانیشی تیادابوو.

لە جەنگی قرم دوو تیپی چەکداری کورد هاوشانی ڕووسەکان لە جەنگدابوون، یەکەمیان شۆرەتی بە تیپی قارسیە، دووەمیشان بە ئەریفانییە ڕۆیشتبوو، سەردەستەی تیپی دووەم جافر ئاغابوو لە ساڵی ١٨٧٦چووە بەر دلۆڤانی خودێ، ئەو کەسایەتییەکی بەهێزو گوێ لێگیرابوو، لە دەرەوە دەیتانی کار لە سەر کوردان دابنێت، هەموو ماڵباتەکەی کوڕو نەوەکانی لە کن حکوومەتی ڕووسیا خانەنشین کرابوون، بە نموونە عەلی ئاغا و شەمس دینۆف ئاغا، ئەو لە ساڵی ١٩١٤ پلەی جەنەڕاڵی هەبوو، هاوکات سەرداری کوردەکانی ئەو وڵاتە بوو.

ساڵی ١٩١٤ بە شێك لە کوردەکان گەڕانەوە زێدی باو و باپیرانیان، چونکە خاوەن زەوی کشتووکاڵی نەبوون، لە مکاتەدا ترکەکان کەوتنە پەیجۆریان و بۆ گەلالەکردن و پێکهێنانی سووپای حەمیدیە کەلکیان لێ وەرگرتن.

دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرو بە گوێرەی ڕێکەوتن لە نێوان ڕوسیا و تورکیادا لە ١٢١\ ئاداری١٩٢١\ هەرتك ناوچەی "قارس و ئەردەهان" گەڕێنرانەوە بۆ تورکیا، لە کۆتاییدا چەند هەزار کوردێك لە ڕووسیا مانەوە زۆربەیان لە ئەرمینیا ساکین بوون.

## کوردستانی پشت قەفقاس لە سەرچاوە ڕووسیەکاندا:

چورسین کتبێکی نووسیاوە لە ژێر سەردێڕی کوردەکانی ئازەبایجان سالی ۱۹۲۵ بلاوبوەتەوە دەلێ: نیشانە و بەلگە هەیە کوردەکانی پشت قەفقاس لە نێوان سەدەکانی هەشتەم بۆ چواردەی زانین لێرەدا ژیاون و بوونیان هەبووە. مینووڕسکی باسی بنەماڵەی شەدادێکان دەکات لە نێوان سەدەکانی دەیەم بۆ دوازدەهەم لە ڕووباری کوری تا ڕووباری ئاراس کە ناوچەیەکی پان وبەرینە دەسەلاتیان هەبووە.

نیکیت و خاتوو ئارسیتوڤا بۆچوونەکانی مینورسکی پشتڕاست دەکەنەوە، هەروەها لە نێوان سەدەکانی سیازدە و چواردەدا میرنیشنەکانی قەرەباخ، گەنجە و شەگین هەبوون و فەرمانڕەوایەتیان کردوە، کوردیش لە چوارچێوەی میرنشینەکاندا ژیاوون و دەسەلاتیان هەبووە.

د. ئەفراسیاو لە کتێبەکەیدا باسی کتیبێك دەکات " کوردەکانی ئازەربایجان" بەشە کوردنشینەکەی ئازەربایجانی سۆڤێت بە کوردستان ناو دەبات، بەلگە و سەرژمێرێکانی ڕووسیا و سۆڤێت دەکات بە گەواهیدەر، هەروەها ئاماژە بە کۆچ و ڕەوی کوردەکانی پشت قەفقاس دەکات کە بە هۆی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی ئەرمەنی، ئازەری و جۆرجییەوە ڕەهەندەی تورکیاو ئێران بوون.

هەمان سەرچاوە لە دەمی کوردە دەربەدەرەکانی پشت قەفقاس بۆخۆیان دەگێڕنەوە زۆر جار بسلمانانی ئەرمەنستان و کوردی ئازەربایجان یان گورجستان لەم کۆمار بۆ ئەو کۆمار بە بیانووی جۆراو جۆر رهەهەنەنە یان کردون، دواجارییش ستالین بە زۆر بۆ ئاسیای ناوەڕاست، کازاخستان و سیبیریا ڕاپێچی کردوون.

سالی ۱۸۰۱ جۆرجیا و ڕووسیا یەکیان گرت خان نشینەکانی گەنجە، قەرەباغ و شەکین "زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردبوون" کەوتنە بن دەستی ئەو ولاتانە و ڕووسیاش بوو بە خاوەنی کوردی خۆی.

توێژەری ئەڵمانی ڤاگنەر لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا ئاماژە بۆ هۆزە کۆچەرەکانی کورد دەکات لە داوێنی چیاکانی ئاراراتدا ژیاون، هەروەسا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئارارات هەوارگە و کوێستانەکانی گۆلی کوکچادا ژیاون. لە درێژەی نووسینەکەدا ڤاگنەر دەنووسێت: ئەو هۆزانە خەریکی ئاژەڵداری کشتووکاڵ بوون، ئێستاش ئەو ئەفسانە و گێڕانەوانەیان بیرماوە کە لە سەر گوندەکانیان گووتراون، سەرچاوەکانیان دەگەڕێیەوە بۆ پێش سەدەی نۆیەم.

هەمان نووسەر دەنووسێت: بە گوێرەی پەیمانامەکانی تورکمانچای ١٨٣٨، ئەدریانەپۆل ساڵی ١٨٣٩ بەشێك لەو خاکانەی دانیشتوانەکەی کورد و ئەرمەن بوون کەوتنە بەر خاکی ڕووسیا.

هەواڵنامەی کتێب

## کوردستانی پشت قەفقاس لە سەرچاوەکانی سۆڤێتیدا:

ساڵی ١٩٢٣ ناوچەی کوردستان وەك یەکەیەکی بەڕێوەبەرێتی سەربەخۆ دامەزرا، ساڵی ١٩٢٩ هەڵوەشێنرایەوە ناوچەکە بە سەر ئازربایجاندا بە هەمان ناو مایەوە لە باکور بۆ باشوور ناوچەکانی کەڵبەچار، لاچین، قوباتلی و بەشێکی ناوچەی جەوانشیری ئەمڕۆی پێکدەهێنا. دوای هەڵوەشانەوەی کوردستانی سوور بەشێکی ئەو کۆمارە لە نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیادا دابەشکران تاوەکو ئەمڕۆش بەشێکی ئەو ناوچانە دانیشتوانەکەی کوردن. چونکە سنووری کوردستانی پێشوو بە " خط الرأس" ناو دەبرا زنجیرە چیاکانی مۆراڤ داغ کوردستان لە ناوچەی گەنجە جیادەکاتەوە، زنجیرە چیاکانی ئالانگێز کوردستان لە تەك ناوچەی نور بائیزیدی ئەرمینیا دەکات بە هاوسنوور، لە باشوورەوە کوردستان هاوسنووری ناوچەکانی زنگەزوری کۆماری ئەرمەنستانە.

## شوێنی نیشتە جێبوونی کورد:

- **ئەرمەنستان:** کورد لە ناوچەکانی: تالاران، ئارتاشات، ڤیدین، باسارگیجار، کوتائیس، تالین، ئەچمیادزین، شائومیان، ناوچەی ئاپاران، ئەکتیمیریان و یەریفان. دوژین، هەروەها کوردە سونەکان لە ناوچەکانی باسارگیجار و ئارتاشات ژیاون. ساڵی ٢٠١٥ "محمد حمەساڵح تۆفیق" لە سەردانێکدا بۆ ئەرمەنستان دەڵێ: نزیکەی چل هەزار کوردی ئێزیدی لەو وڵاتە لە ناوچەکانی تالین و ئەلگەز دەژین ، هەروەسا ئەوی بۆ ئەو جێگای سەرنج بووە لە گەشتەکەیدا کوردان گۆرستانەکانیان لە ماڵەکانیان ڕازاوەتربووە!
- **ئازەر بایجان:** کورد لە ناوچەکانی زەنگیلان، کەڵبەجار لێرە لە شارۆچەکەو گوندەکانی ئاخجەکەند، زەیلیك، ئۆرجلو، سویوخ بولاغ شورتانی سەرو خوارو هەن. هەروەسا لە شارۆچکە و گوندەکانی لاچین وەك قەرەقشلاق،قەرەکشیش قەلاچە، کەمالی و ...هتد بوونیان هەیە.

• **کازاخستان:** ئەلمَە ئاتا گەورەترین شاری کازاخستانە، پێشتر پایتەخی کازاخستان بوو، لە ئێستادا یەکێکە شارەگرنگەکانی وڵات لە بواری بازرگانی، ئابووری و دارایی و هاوسنووورە لەتەك وڵاتی قیرغزستاندا، کورد بەتەنها لەم شارە دەژین و بۆ خۆیان دەڵێن هەست بە هیچ چەوساندنەوە جوداوازییەك ناکەین. بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی ٢٠١٧ ژمارەی کورد لەو وڵاتەدا چل و چوار هەزار حەفت سەدو شێت و هەشت سەرە واتە ٢,٠٪ دانیشتوان، بەڵام " مەلەکشا جاسانۆف" جێگرا کۆمەلا کوردان لە کازاخستانێ دبێژێ: حەمی کوردا ڤێ گاڤێ چل وشەش هەزار مرۆڤن، هاوشێوەی کوردانیتر لە ساڵانی ١٩٣٧ و ١٩٤٤ لە لایەن سەرۆکی ئەوکات ستالین تووشی ڕاوەدوونان و ڕاگوێستن بوون بۆ سیبیریاو ناوچەکانی دیکەی وڵات.

• **تورکمانستان:** کورد لە ئیشك ئاباد، ماری، گوئیکتەپە کائاخکین، هەروەها لە لادێیەکانی دەرگەز، قەڵاتبارامەعەلی، کوچان و ...هتد هەن. ئەوان لە ساڵی ١٩٣٠ هاتوون لە تاشانوز،حەسار قەڵا کورین و... هتد دەژین.

بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی ١٩٢٦حەمی کوردا تورکمەنستان بیست و سێ هەزارو هەشت سەرە، بەڵام بە گوێرەی نامەی دکتۆراکەی "مەمەد ئازارۆڤ" بە ناونیشانی کوردەکانی تورکیا لە ساڵی ١٩٦٤ نووسیوێتی ژمارەی کورد لەو وڵاتەدا حەوت بۆ هەشت هەزار کەسە!

مێژووی کوردەکانی تورکمەنستان لە تەك کوردانی خۆراسان هاوبەشە، بەشێکیان بە هۆی دیاریکردنی سنوور خراونەتە ناو یەکێتی شۆرەوییەوە، هەروەسا حەمکەیەکیان بە خاتری شکستی بەرخودانەکانی خۆراسانەوە و لە ترسی دەسەڵاتدارانی ئێران بە تایبەت لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە پەڕاگەندەی ڕووسیا بوون.

هەواڵنامەی کیتر

• **جۆرجیا:** لە ئێستادا زۆربەیان لە بەتلیس "پایتەختی جۆرجیا" ساکین بوون، لێ بەر لە ڕاگواستنیان لە ساڵی ١٩٤٤ لە ناوچەکانی باشووری جۆرجیا کە هاوتخوبە لە تەك تورکیادا نیشتە جێبوون.

• **قرقیزستان:** کورد لە ناوچەکانی ئوش، تالاس، جەلال ئاباد و فرونزە نیشتەجێن، بە گشتی لە حەوت هەرێم و چل و سێ ناوچە جێگیر کراون.

## ژمارەی کوردانی پشت چیاکانی قوفقاس:

بە گوێرەی سەرچاوە ڕووسی و تورکییەکان لە سەدەی نۆزدەهەم و دەرئەنجامی شەڕەکانی ڕووسیا و تورکیا، ئێران و ڕووسیا ژمارەیەکی زۆر دانیشتوانی قەفقاس ئاوارەی تورکیا، ئێران و وڵاتانی دیکەبوون.

یەکەم سەرژمێری ڕووسیای قەیسەری لە ساڵی ١٨٩٧ داکراوە، سەد و چلو شەش نەتەوەو گەلی تیادا تۆمارکراوە، ژمارەی کوردان لێرەدا بە نۆهەد و پێنج هەزارو نۆسەد سەر دیاریکراوە، هەروەسا ساڵی ١٩٢٦ یەکەم سەرژمێری گشتی لە سەروبەندی بۆلشەویکێکاندا تۆمارکراوە، زیاد لە سی و چوارگەل، زمان و زاراوە تۆمار کراون، بۆ وێنە زۆربەی تورك زمانەکان بە تاتار لە قەڵەم دراون. سەیرە لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٠ کورد ژمارەیان هەشتاو نۆ هەزار کەسە، پاش سەت ساڵ کورد ژمارەی زیادی نەکردووە، بەڵام هەندێ نەتەوە دە جار بەرانبەر ژمارەیان هەڵکشاوە.هەروەها بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٩ ژمارەی کورد سەدو شازدە هەزار کەسە، لەو نێوەندەشدا کەسانێك لە ترسی گێچەڵ و تەنگ پێ هەڵچنین دەستبەرداری نەتەوەی خۆیان بوون بە ئازەری یان ئەرمەنی ناونوویس کریاون. خاوەنی کتێبی " کوردستانێکی ونبوو" دەنووسێت: لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا ژمارەی کوردان سەدو پەنجا هەزار زیاتر بووە، بە هۆی زەبر زەنگ، قرکردن و ڕاوە دونانەوە ئێستا ئەو ژمارەیە لە کەمایەسی داوە.

## شۆڕشی ئۆكتۆبەرو مافی گەلان:

هەمیشە شۆڕەكان هۆكاری ئاڵووگۆڕی كۆمەڵگابوون بە ئاراستەیەك كە تەواو پێچەوانەی بارودۆخی پێش خۆی بووە، هۆكاری هەموو شۆڕەكان زۆڵم، دیكتاتۆریەت و ناداد پەروەرییە، ئەرستۆ باوەڕی وایە بۆ هەر وڵاتێك بە ختەوەرییە زۆرینەی تاكەكانی لە چینی ناوەڕاستبن، بەڵام كۆمەڵگای روسیای سەردەمی پادشاكان بە سەر دوو چینی دەوڵەمەند و هەژاردا دابە شبوو بوو سەرئەنجام شۆڕشی بە ڵشەویكەكان تەخت و تاجیانی تارومارکرد.

پاشئەوەی بەڵشەویكەكان لە مۆسكۆ و پیترۆگراد سەركەوتن، توانیان لە ماوەی چەند هەفتەیەكدا دەستبگرن بە سەر بەشێكی زۆری وڵاتدا و دەسەڵاتیان بە سەر ناوەندە كارگێڕی و پیشەسازێكاندا سەپاند. لیژنە شۆڕشگێڕێكان كە لە ژماردن نەدەهاتن لە گشت كوچەو كۆلانێكی وڵاتدا پێكهێنران، جاڕی دەسەڵات و فەرمانڕەویەتیان لە وڵاتدا ڕاگەیاند لە سەر دەسەڵاتدارانی نوێ پێویست بوو شێوازێكی تازە لە فەرمانڕەوایەتی پیادە بكەن، لە پێناو هەڵوەشانەوە و ڕەشكردنەوەی ئەو دەنگۆیەی دەگووترا: تەنها چینەكانی باڵای كۆمەڵگا توانای بەڕێوەبردنی كاروباری دەوڵەتیان هەیە، گشت ئەلقاب، پلە و پایەیەكیان لە كۆمەڵگدا كۆێر كردەوە كە سەدان ساڵ بوو گوێچكەی كۆمەڵگا پێیان ئاشنابوو وەك خانەدان، بۆرژوا و بازرگان و ...هتد.

دەسەڵاتدارانی نوێ لەو نێوەندەشدا تووشی شەڕی ناوخۆو و دەست تێ وەردانی هاوپەیمانان بوونەوە. بەمەبەشتی جێبەجێكردنی بیروباوەڕیان لە كۆمەڵگادا لە ٩/ نۆفەمبەری/ ١٩١٧ لینین مەرسومێكی دەركرد، ستالینین وەك نوێنەری گەلان واژۆی لە سەر نووسراوەكە كرد كە لەم خاڵانەدا گەلاڵە كرابوون:

- یەكسانی و خاوەندارێتی گەلانی ڕوسیا.

• دیاریکردنی مافی گەلانی ڕووسیا، بە نموونە دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ.
• هەڵوەشاندنەوەی گشت کۆت و بەندێکی ئاینی و نەتەوایەتی.
• بەرەو پێشبردنی ئازادانەی کەمە نەتەوایەتی و ئاینێکان کە لە سەر خاکی ڕووسیا دەژین.

لە سایەی دەسەڵاتی شوعێکاندا کورد لە کۆڵخۆزەکان بە کشتوکاڵ و بەخێوکردنی وڵساتەوە خەریکبوون، برێکیشان لە کارگەو کێڵگەکاندا ئیشیان دەکرد، هاوکات لە سوپاو دام دەزگاکانی حوکوومەتیشدا بوونیان هەبوو.

بە گوێرەی سەرچاوەی "کورد لە یەکێتی شۆرەوی جاراندا "کوردەکانی ئەرمینیا ددان بە پێناسی نەتەوایەتیاندا نرا، دواتر بزاوتی ڕۆشنبیری لە نێویاندا سەریهەڵداو گەشایەوە، قوتابخانە و پەیمانگای مامۆستایان دروستکران، زارۆك بە زوانی دایك دەیانخوێند، لە شارەکانی یەریفان و پیترسبۆرگ بەشی کوردناسی کرانەوە، شانۆ و یەکێتی نووسەران قوت کریانەوە، کتاو و ڕۆژنامە چاپکران، دەنگی ڕادوێ دەبیستراو بەرنامەکانی پەخشدەکرد، خەڵکانێك لە نووسەر، زمانزان وکۆلیار لە نێویاندا دەرکەوتن، بە مشێوەیە وڵاتی ئەرمینیا لە ماوەی حەفتا ساڵ تا هەڵوەشانەوەی یەکێتی شورەوی لە ساڵی ١٩٩١ مەشخەڵێکی ڕۆشنبیری کوردانی ڕووسیابووە.

دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی ڕای جیاوازە لە کتێبی "کوردەکانی پشت قەفقاس" دەنووسێت: داشناکەکان دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر تا مانگی یازدەی ١٩٢٠ دەسەڵاتیان گرتە دەست بە پێچەوانەی درۆ و فیشاڵی زۆرێك لە نووسەرە کورد و سۆڤێتێکان هیچیان بۆ کورد نەکرد، دژی کورد جوڵانەوە و پاش ڕووخانی یەکێتی شۆرەوی هاتنەوە سەر دەسەڵات درێژەیان بە هەمان سیاسەتدا، بۆنموونە بوکشپان وەك شایەتحاڵێك دێنیتەوە کە چۆن باندەکانی داشناك بە سەرکردایەتی ژەنەڕاڵ "درۆ"

لەگەڵ مساواتێکانی ئازەربایجان کوردەکانیان ناچار کردبوو ڕابکەن بۆ تورکیاو ئازەربایجان. بوکشپان لە شوێنێکیتردا ئاماژە بە شۆرتی کەسێك بە ناوی " بەهارلی" دەکات چۆن شۆخی بە زوانی کوردی دەکات و دەڵی: زمانی ترکی تەنگی بە زمانەکانی دیکە هەڵچنیوە، ئەو زمانانەی کە کۆن بوون وسواون و سەردەمییان بە سەر چووە وەك زمانی کوردی و تالیشی و ...هتد. هاوکات سەرباری دەست پیادا هێنانەوە بە قوتابخانە کۆنەکاندا لە ناوچەکانی کەڵبەجارو قوباتلی و لاچین چواردە مکتەبی نوێیان لەو ناوچانەدا دروستکردووە! ئەگەرچی لە ساڵێ ۱۹۳۰ یەکەیەکی کارگێڕی بە ناوی کوردستان لە ناوچەکانی زەنگلان و جیرایل مابوو، بەڵام بە هۆی نارەزایەتی شالیاری کاروباری دەرەوەی سۆڤێت لە هەمبەر هەر جوڵانەوەیەکی کورد و ڕازیکردنی تورکیاو ئێران شکستیان بەو یەکە کارگێڕییە هێنا.

لە درێژەی نووسینەکەیدا د. ئەفراسیاو باس لە زوڵم ستەمی جوتیارانی ناوچەکانی لاچین و قوباتلی دەکات کە لە ڕووی ئابوورییەوە بە ئەرمەنەکانەوە بەسترابوونەوە زوڵم و زۆرێکی نەبیستراو بێ وێنەیان لەو خەڵکە کردووە لە مالیات و باج وەرگرتنەوە تا مافی سوورانە "شەوی یەکەمی بوکێنی" مافی دانیشتوانی ناوچەکەیان زەوتکردووە.

## کوردستانی سوور:

بە زوانی ڕووسی "کراسیدیا کوردستان" کۆمارێکی ئۆتۆنۆمی سەر بە دەوڵەتی ئازبایجان بوو، لە ۷/ تەمووزی/ ۱۹۲۳ لە سەروبەندی دەسەڵاتی لینین گەلالە کرا، پایتەختەکەی لاچین "ئەبداڵیار" بوو، سەرۆکەکەی " گۆسێ حاجێف" و بەرێوەبەری پەروەردە " ئەلیاسۆف" بوو. تا ساڵێ ۱۹۲۹ بە مەڵبەندی مایەوە، ژمارەی دانیشتوانی لە ساڵی ۱۹۲٦ پەنجاو دوو هەزار چوارسەدو بیست وشەش کەس پێکهاتبوو،

هەولێرنامەی دیتر

"٧٢٪" ی کورد بوون، لە قوبادلی نەبێت لە گشت ناوچەکانیتر کورد زۆرینەبوون.

بە فەرمانی ستالین لە ٨/ نیسانی/ ١٩٢٩ کۆمارەکە هەڵوەشێنرایەوە و دانیشتوانەکەی هاوشێوەی چیچان، داگستانێکان و بەبغازەکان ڕەهەنەی بەستەڵەکەکانی سیبیریا کریان و بەشێکی زۆریان تیاچوون، کەمۆکی کەمیشیان گەڕیانەوە کۆنە هەوار، ژیانی کولە مەرگی، چەوساندنەوە و ئاوارەی کوردان درێژەی کێشا تا ڕۆژگاری پرۆسترۆیکا ی گۆرباچۆڤ .

لە ڕووی جوگرافییەوە مەڵبەندی کوردستان کەوتبووە نێوان ناگۆرنی قەرەباغ و ئەرمینیاوە، لە ڕۆهەڵاتەوە قەرەباغ و لە ڕۆئاوایشەوە کۆماری ئەرمینیا، لە باشوورەوە ناوچەی زەنگیلان وجوبرانلی، لە باکوریشەوە چەند ناوچەیەکی ئازوربایجان. مەڵبەندی کوردستان کوردستان کە لە شەش ناوچە "بازنە" پێکهاتبوو کەڵبەجار،قوتورلی، کوردحاجی،، موراد خانلی، قەرەقشلاخ و قوبادلی.

خاوەن نامیلکەی "تراژیدیای کوردەکانی سۆڤێت" دەنووسێت: ئەگەر ئێمەی کورد کیان و دەوڵەتێمکمان هەبووایە، ستالین یان ڕژێمی سۆڤێتی نەیدەوێرا کوردەکان لە سەر خاکی باب وباپرانیان دەربکات و کیانەکەی هەڵبوەشێنێتەوە، دانیشتوانەکەی ڕاپێچی کۆمارەکانیتری شۆرەوی بکات. ئەو گەل و کیانانەی کە وەك کورد یان پاشتر دورخرابوونەوە و قەوارەو کیانیان لێ سەندرابۆوە وەك چاچانێکان، کاباردینێکان و کالمیکەکان دواتر لە ژێر گوشاری ناوخۆو دەرەکیدا بەڵشەویکەکان ناچاربون قەوارەکەیان بۆ دروستبکەنەوە، چونکە دەوڵەتەکانیان بە حەمووتوانا و گشت شێوازێکەوە فریایان کەوتن. ئەوانیتریش کە تاوەکو ئەمڕۆ ماونەتەوە قوتابخانە، ناوەندی کەلتووریان بۆ دروست دەکرێت و ڕۆژنامەیان بۆ دەردەهێنرێت. لە بەرانبەردا تەنگ پێ هەلچنین، سوکایەتی پێ کردن و

ڕاوەدوونان و شار بە دەرکردنی نەتەوەکانیتر لە کۆمارەکانی شۆرەوی پێشوو درێژەی هەیە.

## بزاڤی ڕۆشنبیری لە کوردستانی سوور:

دوای دروستکردنی کوردستانی سوور بزاڤی ڕۆشنبیری و خوێندەواری لە پشت چیاکانی قەفقاس بەرەو پێشچوو، سەرەتا لە هەموو لادێکان خوێندنگە بە زمانی کوردی بۆ منداڵان و نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ بەساڵاچوان کرایەوە، ئەم دۆخە تا سەر نەبوو، کاتێك کۆمارە هەڵوەشێنرایەوە ئازەرێکان بە هەموو شێوەیەك ڕێگایان لە پێشکەوتنی ڕۆشنبیری و کردنەوەی مەکتەبی کوردی دەگرت، ناچار بۆ خوێندن کوردەکانی نەخچەوان ڕوویان لە یەرڤان دەکرد، ڕێگاشیان لە چاپدانی پەرتووك دەگرت، بۆ نموونە لە ساڵانی ١٩٢٩ . ١٩٣٨ لە ئازەر بایجان تەنها بیست و هەشت کتێب لە چاپ درابوو، پێشکەوتنی کورد پەیوەست بوو بەوەی کورد تا چەند خۆیان بە ئازەری دادەنێن، بە تایبەت بۆ ئەوانەی خوێندنی باڵایان دەخوێند. لە ساڵانی شەستی سەدەی بوری ئینستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسی ئازەربایجانیان داخست و هەوڵیان دەدا ئەو زانیاریانەی لەسەر کورد هەبوون ئاوەژۆ بکرێنەوە.

دکتۆر جەبار قادر لە هەڤپەیڤینێکدا دبێژیت: تا ساڵی ١٩٣١ یەك قوتابخانەی کوردی لەو کۆمارەدا نەبووە. بەڵام بارودۆخەکە لە ئەرمینیا جیاوازتربوو، ئەگەرچی ژمارەی کوردەکانی ئەرمینیا چەند هەزارێك بوو بەڵام ڕێگایان پێ درا بخوێنن و ڕۆژنامە بە زوانی کوردی دەربهێنن، هەر زووش ساڵی ١٩٢٦ یەکەمین ئەلف وبێی کوردی بە زمانی ئەرمەنی بە ناوی "شەمس" دەرچوێنرا و ئەکادیمیای کوردیش هەبوو، بەڵام ئەوەی جێگای داخە ئەرمینیا هەمیشە هەوڵی داوە کوردە ئێزیدیکان لە موسڵمانەکان جیا بکاتەوە، دەرئەنجامەکەشی لە کێشەی ناگۆرنۆ قەرەباغدا دەرکەوت بسڵمانەکان بە تەنیشت ئازەرەکانەوە شەڕی برا ئێزیدێکانیان دەکرد.

## کورد لە نێوان بەرداشی ئازوربایجان سندانی ئەرمەنستاندا:

لە یەکەم ڕۆژی دروستبوونی کۆماری کوردستانەوە ئازەرێکان دژایەتیان کردووە و هەوڵیانداوە لە باری ببەن، پێ دەچێت کاتی خۆی سۆڤێتێکان ئازەرێکانیان ناچار کردبێت بە دروستکردنی کۆمارەکە؟! هەرگیز لە دڵەوە کاریان بۆ گەشەندنی نەدەکرد، دەستپێکی کاریشیان کەمکردنەوەی ڕێژەی دانیشتوان بوو لە یەکساڵدا ١٩٢٥ بۆ ١٩٢٦ ژمارەی دانیشتوانیان ٨٠٪ بۆ ٧٢٪ کەمیکردەوە ، ڕێگا شایان نەدا بەو دووهەزار کوردەی کە لە ئەنجامی شۆڕشی ١٩٢٥ ئاوارەبووبوون و پەنایان بۆ کوردستانی سور هێنا تیادا نیشتە جێ ببن. هەروەها ئەرمەنستان کوردەکانی کرد بە دوو بەشەوە ئێزیدێکانی بە تەوەیەکی سەربەخۆ لە قەڵەمدا و لە وڵاتدا جێگایانی کردەوە، دەر ئەنجامەکەشی ئەوەبوو لە شەڕی ناگۆڕنۆ قەرەباخ بەرانبەریان لە یەکتر گرتبوو یەکتریان دەکوشت، ئێستاش هەردوو دەوڵەت بۆ کورد نەیارو دوژمنن.

## کورد لە سەردەمی ستالین:

کورد بەراورد بە گەلانی دیکەی ڕووسیا و یەکێتی شۆڤێت چەندینجار دووچاری ڕاگوێزتن، دەربەدەری و قەلاچۆکردن بوونەتەوە، لە سەدەی نۆزدەهەم بە تایبەت لە شەڕەکانی ڕووسیا لە تەك تورکیا و ئێران، لە سەردەمی سۆڤێت بە فەرمی لە نێوان ساڵانی ١٩٣٧ و ١٩٤٤ هاوشێوەی گەلانی دیکەی ئەو وڵاتە وەك چاچان و ئەوانیترلە نیشتمانەکەیان دوور دەخرێنەوە،. زۆربەی گەلانی شۆرەوی دوای دوازدە ساڵ دەگەڕێنەوە بۆ زێد و قەوارەی خۆیان.

کوردەکە تا نها ڕێگای گەڕانەوەیان پێ ڕەوا نەدیتراوە، دوای گەڕانەوەیان نەتەوەکانی دیکە کەوتنە خۆ بۆ بوژانەوەی قەوارە و کەلتووریان، بەڵام کوردە بەد بەختەکە بە سەر چەندین کۆماری ئەو وڵاتەدا دابەشکرا، و کەوتنە بەر زەبر و گوشاری نەتەوەی سەردەستی ئەو کۆمارانە، تەنها

عەوڵانامەی کتێب

دەستبەرداری ناسنامەی خۆیان نەبوون، بەڵکوو ناو و ناسناوی خۆشیان گۆڕی.

بە مەبەستی تارومارکردنی شۆڕش ی ئاگری داغ، هاوپەیمانێتیەك لە نێوان یەکێتی شۆڤێت، تورکیا و ئێران چێکرا، هاوکات بۆ خامۆشکردنەوەی شۆڕشی ئاگرداغ سۆڤیەت بەشداری کوتانی ئەو شۆڕەی دەکرد، ساڵی ١٩٣٠ حکوومەتی شیوعی بڕیایدا بۆ یەکجاری کوردستانی سوور لە ناوببات، لە هەمانساڵدا کۆمارەکە کۆێرکرایەوە و دانیشتوانەکەی پەڕاگەندەی ئۆکرانیا، مۆڵداڤیا، قیزغیزیا، ئۆزبەکستان، تاجیکستان و تورکمانستان کران. ڕاپێچکردن و تورِ هەڵدانی ئەو خەڵکانە کۆمەڵێك ئازارو تراژیدیای بە دوای خۆیدا هێنا کە تا ئێستاش ئاسەواری هەرماوە و کاریگەریەکەیشی دیارە.

خاتوو "سڤتیلانا عەلیڤا" ساڵی ١٩٩٣ کتێبێکی لە ژێر سەردێڕی "گوڵە وەنەوشەکان" نووسیوە، باسی گوڵە وەنەوشەکان دەکات چون گۆڵەکان لە قەفقاس دەردەکەوتن ئەم خۆشی ویستوون، بە جوانی و بۆنیان ڕاهاتووە، هێشتا زارۆك و هێمان دەبێت لە نیشتمانەکەیان دووریان دەخەنەوە، دواتر باسی ئەو چیرۆکانە دەکات باوکی بۆی هۆنیونەتەوە و بە تەما بووە ڕۆژێك لە ڕۆژان بگەڕێنەوە هەوارە کۆن. ئەویش چیرۆکەکانی لە دڵ و دەرونیدا پاراستووە، بە هیوای گەڕانەوە لە مێشك و خەونەکانیدا خولاونەتەوە.

خاتوو سڤتیلانا عەلیڤا فرمیسکەکانی باوکی ناشارێتەوە کە بۆ وڵاتێك کۆچیان پێ دەکرێت هیچی لە وڵاتەکەی ئەوان ناچێت، ئەوکات باوکی تەمەنی سی و سێ ساڵ بووە، بەخاتری ئەوەی "قەرەچایڤە" بە تاوانبار سەیر کراوە، بە سەرسڕمانەوە دەنووسێت: نازانم هاورێکانم لە کێیان بیستبوو دورە پەرێزیان لێ دەگرتم، هەروەها باسی شێوازی ڕاپێچکردنیان دەکات بە جمێنی و تۆبزی دەیان گوازنەوە، ئەو دەڵێت: تا ئەو تەمەنە جوێنی وەهام نەبیستبوو! لە کۆتاییدا بە زۆر بەڵگەنامەکەیان پێ واژۆ

دەکەن، دوای مردنی ستالین و لە ساڵی ١٩٨٨ دەگەڕێتەوە بۆ قەفقاس، ئەو نیشتمانەی وەنەوشەکانی لێ دەڕۆێن، وەختایەك ئەو زارۆك بوو وەنەوشەکانیان لێ سەندبوو.

دوای دەستبەکاربوونی گۆرباچۆڤ کەش و هەوای سیاسی ئەو وڵاتە گۆڕدرا و دواتر گەلێك بەڵگەو ڕاپۆرت ئاشکرابوو باسیان لە چۆنێتی ڕاگواستنی کوردان دەکرد، هەروەها بلاوەپێ کردنیان لە وڵاتانی یەکێتی شورەوی، بۆ نموونە ڕاپۆرتێك لە د. ئەفراسیاو لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ کردووە ساڵی ١٩٣٧ هەزارو سەد و بیست و یەك بنەماڵەی کورد و ئەرمەن لە پشت قەفقاسەوە ڕاگوێزاون بۆ کازاخستان، بەشێکی زۆری ئەو ینەماڵانە خەمخۆریان نەبووە، زۆربەیان منداڵی وردیان هەبووە، هەروەها لە درێژەی ڕاپۆرتەکەدا باسی دژواری بارودۆخی ژیانیان دەکەن، ساڵی ١٩٣٩ بەشێك لەوانە توانیویانە لە کەڵخۆزەکانی ناوچەی ئەڵامەئاتا و ناوچەکانی باشووری کازاخستان جێگیر ببن، بەشێکیتریان سەقامگیر نەبوون و دانەمەزراون.

لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا جارێکیتر بە دیاریکراوی لە ساڵی ١٩٤٤ یەکێتی شۆڤێت بە زۆرەملی کوردەکانی لە جۆرجیاو ئەرمینیاوە ڕاپێچی سارای کازاگستان، ئۆزبەکستان، قیرگستان و تورکمانستان کردووە، بە پاساوی ئەوەی ئەمانە ڕەگەزیان ئارییە و هەمان توخمی ئەڵەمانەکانن، لە کاتێکدا دەیانیان لە بەرەکانی شەڕدا دژ بە نازێکان دەجەنگان, بۆ نموونە "عەزیز عەلییێڤ" بە ئیمزای ستالین "٥" برایەکەی ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ دەکرێت و لە کۆتاییدا تەنها عەزیز بە تاقانەیی مایەوە و ئەوانیتر کوژران، لەم لاشەوە ژنك و زارۆکانیان لە شەمەندەفەر پەستێنران لە برسان و سەرماندا مردن.

"نادر کەریمۆڤ" یەکێکە لەو کوردانەی لە سەردەمی ستالیندا ڕەهەنەی وڵاتان کریاوە، ئەو دەڵێت: لە گوندی کیکاچی ناوچەی نەخچەوان بووین، بابم ژینئاوایکرد عومرم "٤" ساڵان بوو، سەرواز بە هەموو جۆرە

هەورامانامەی کتێب

چەکێکەوە چوار دەوری لادێیەکەیان گرتین، پیاوە بە تەمەنەکان هەموویان دەگریان، مۆڵەتی بیست و چوار کاژێریان پێ داین، ڕۆژی دواتر سواری ئوتوومبیل کریان بۆ وێستگەی شەمەندەفەر، خراینە وارگۆنی ئاژەڵەوە و ماوەی دوو مانگێك لە قیتاردا بووین تا گە یشتینە شاری جەمبول لە کۆماری کازاگستان، لەوێشەوە ڕەهەنەی سارای ئەو شارە کریان، لەوێ دەست و پلمان لە تەك ژیاندا نەرمکرد، پاشان پیاوانی دەزگای هەواڵگری " KGB "توانا و توون چوون چوون کەس بەیزانی چارەنووسیان کوێوە چوو. دواتر کەریمۆف دەچێتە بەر خوێندن تا دکتۆرا لە بەشی تەکنەلۆژیای کیمیادا ناوەستێت، ساڵی ١٩٨٧ جارێکتر دەکەوێتە بەر تانەو تەشەر بە زۆر لە کارەکەی دەستی پێ دەکێشنەوە، گەرەکیان بووە لە ئەکادیمیاو لە حزبی شیوعی دەریبکەن. تەنها بە خاتری ئەوەی کوردبووە!

" ئەنوەر نادرۆف" بە مشێوە باس لە نەهامەتی ڕاگوازتنی خۆیدەکات: لە مانگی نۆفمبەری ١٩٣٧ لە پەیمانگای تیخنیکومی کوردی ئێرڤان دەمخوێند، بەیانیەك پیاوەکانی " KGB"لە خەو هەڵیان ستانمدو بردمیان بۆ وێستگەی " ئازاردیان" لە کۆماری نەخچەوان، ئەو ناوە سیخناخ بوو بە کوردی ڕاگوێزراو، دوای چەند ڕۆژێك بە کۆمەڵ هەر قافڵەیەك سەد بۆ سەدو بیست ماڵ دەبوو رایان گوازتین، کەسیش نەیدەزانی کۆچی کوردان ڕوو لە کۆێیە، کاتێك بۆ خوێندن دەگەڕێتەوە بۆ ئێریڤان، کەچی لەوێ خوێندنەکەی لە دەستدەدات، کاتێك گەرەکی بووە بچێت سەردانی خۆیشکەکەی بکات دەگیریت و پیاوانی ڕژێم ئازاری زۆری دەدەن! ئەوکات تەمەنی ئەنوەر شازدە ساڵی بووە، لە درێژەی سەر گوزشتەکەیدا دەڵێ: تەواوی کوردەکان لە شاخەکانی "ژاناتاسە" جێگیر کردبوو، دواتر گەورەکانی گوندیان بردوو نەگەڕانەوە، کاکەعبداللە و مامە یەحیام لەو گیراوانە بوون. من کارم بۆ حیزب دەکرد کەچی زمانیان لێ دابووم شوشەم شکاندووە بە "٦" ساڵ بەندکردن سزادرام، ،ساڵی ١٩٣٧ تەنها لە

هەوڵنامەی کتێب

نەخچەوانو ئەرمەنستان سێ سەد کورد بەزۆر ڕاگوێزراون. تەنها لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٤ هەشت هەزارو شەش سەد کورد ڕاگوێزراون" ئەوانە مشتێکن لە خەروارێکی گەورەی ئەو ڕۆژگارەو ڕژێمی ستالین دەرهەق بە کوردی بێ خانەو لانە.

## بارودۆخی کورد دوای مەرگی ستالین:

پەراوێزخستن و ڕاوەدونانی لە ڕۆژگاری دواتریش هەر بەردەوام بووە، چونکە کورد دەوڵەت و پشتیوانێکی نەبوو بەرگری لێ بکات، بۆیە تراژیدیا و ژیانی کولە مەرگی ئەو تا ئێستاش بەردەوامە، لێرەدا چەند نموونەیەك دەگێڕینەوە، بابەتەکە زیاتر درێژداری تیادا ناکەین بە هیوای ئەوەی نموونەکان بچکوکراوەی ئەو تراژیدیا مەزنە بێت کە نزیکەی سەدەیەکە کورد لەو وڵاتەدا پێوەی مارانگازە و دەتلێتەوە.

ئەگەرچی کورد لە سەردەمی ستالیندا تۆمەتی نازیبوونیان درابو پاڵ، بەڵام زۆرێکیان لە جەنگی بەرگری لە ماڵ و نیشتمان شەڕی نازێکانیان دەکرد، لە کتێبی تراژیدیای کوردەکانی سۆڤێت، باس لە پەرتوکێك دەکات کە "چەتویف خ.م" نووسیوێتی و ساڵی ١٩٧٠ لە مۆسکۆ چاپکراوە، ئەو دەنووسێت: کورد لە شەڕەکەدا قوربانی زۆریدا، ژمارەیەکی زۆر یشیان نیشانە، میدالیاو پلەو پایەی سۆڤێتیان پێ دەدرێت، کاتێك ژمارەیەکی زۆریان دەگەڕێنەوە سەر حاڵ و ماڵی خۆیان تەواشا دەکەن کەس و کاریان لە زێدی باوباپیرانیان هەلکەندراوون و کەسانیتر لە شوێنیان جێگیر کراون! دەگەڕێنەوە سەر هەواڵی خاڵی، بەمشێوەیە پاداشتی ئازایەتی و نەبەردیان دەدرێتەوە، دواتر زۆر دەرگا دەکوتن و دەست بە پشتوێنی گەلێك کەسدا دەکەن، نامە بۆ زۆر ئۆرگانی حیزب دەنووسن، تەنانەت خۆیان دەگەیەنە دەرباری سەرۆك کۆماری ئەوکات "خرۆشۆف" کەچی وەڵامیان نادرێتەوە و داواکاریێکانیان وەلاوە دەنرێت، لە مبارەیەوە مۆسکۆ، ئەریڤان و باکۆ بڕیارێك نادەن، ئەگەرچی مافی گەڕانەوە بۆ

میللەتان واژۆکرابوو، نەتەوەکانیتر کەڵکیان لەو بڕیارە وەرگرت بەڵام بڕیارەکە بۆ کورد دارێکی زڕ و بێ بەربوو.

"محمد سلۆ بابایڤ" دەڵێت بەڕێوەبەری کشتوکاڵی ناوچەیەکی بووم لە ئەرمینیا، بەربژێر کرام بۆ پۆستێکی باڵا، هاوکات زمانەکانی ڕووسی، ئەرمەنی، ئازەری و کوردیم دەزانی، بەڵام بەرپرسێکی حزبی ناوچەکە پێی گووتم: جەنابت شایستەی ئەو جێگایەیی بەڵان کاورا ئازەری و ئەرمەنی نیت، تۆ کوردیت کوردو ئەو پۆستەیان نەگوتووە! منیش ڕووم کردە چیاکان و چەند کاژێرێك بۆ بێکەسی خۆم گریام.

"زاهیرعەفدی سەیادیکۆف" ئەندازیارێکە باس لە بەرگری کردنی دەکات لە بەشدارینەکردنی لە ئۆلمپیادی ساڵی ۱۹۸۰ تەنها بەخاتری ئەوەی کوردبووە، لە کاتێکدا جێگری بەڕێوەبەری کۆمپانیا بووە، بەڕیوەبەری کۆمپانیاکە سیپارەیەك لە گیرفانی دەردەهێنێت و بە نەزاکەتەوە دەڵێت: لە مۆسکۆ بڕیاردراوە هیچ کورد لە ئۆلمپیاد بەشداری نەکات، لە کاتێکدا چوار ڕۆژ بەر لە بۆنەکە ئێمە خۆمان سازو ئامادە کردبوو. لە شوێنی خۆم وشکبووم جێگیری بەڕێوەبەرم، مودیر بە قامك ئاماژەی بۆ کردم بڕیارەکە لە مۆسکۆیە. ڕوو مکردە نووسینگەکەم چەند کاژێرێك ڕۆندکم هەڵوەراندا، خودایە ڕوو لە کوێ بکەین، تاوانبارم چونکە کوردم.

## بارودۆخی کورد دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت:

مردنی ستالین تا ڕوو خانی دەوڵەتی شۆڤێت ماوەکەی سی و هەشت ساڵ بوو، ڕاستکردنەوە یان قەرەبووکردنەوەی پێویست بوو، بەڵام کورد و گەلێ نەتەوەی دیکە نەگەڕێندرانەوە سەر خاك و ئاوی خۆیان، لە بەد بەختی کورد و هاوشێوەکانی دەوڵەت بە ناوی گلاسنۆکا و بیرسترۆیکاوە لە هەوڵی ڕیفۆرمدابوو، فریانەکەوت و لە بەر یەك هەڵوەشایەوە، دواجار گەلانی ستەم دیدە ناوەند و پەناگایەك نەبوو هانی بۆ بەرن.
سەرکردەی وڵاتانی تازە سەربەخۆ زۆربەیان پێشتر کارمەندی دەزگای هەواڵگری یان پارتی شیوعی ئەو وڵاتە بوون، بە پێچەوانەی بیروباوەڕێك لە سەری پەروەردەکرابوون ڕەفتارو هەلوسووکەوتیان کرد، چونکە بیری ناسیونالستی توندڕەوانە پاکی وڵاتانی گرتەوە و کەوتنە ڕاوەد وونان و یەکتر سڕینەوە، کوردیش پشکی شێری بەرکەوت تەنانەت لە کۆنگرەی کۆنفیدراسیۆنی گەلانی سەرکوت کراودا بەراورد بە گەلانیتر کورد باسی ئازارەکانی نەکرا.
لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی گۆرباچۆڤدا هەوڵدرا ئەو ناڕوایەتییەی بەرانبەر کورد کرابوو ڕاست بکرێتەوە، لە ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوەی پارتی کۆمۆنیست لە ئەیلولی ١٩٨٩ باسکرابوو کە دەبێت ڕێکاری پێویست بگیرێتە بەربۆ چارەسەری کێشەی تاتاری کریم، ئەلەمانەکانی یەکێتی سۆڤێت، یۆنانی و کوردەکان و ...هتد..
لە ١٧/ نۆڤمبەر ئەنجوومەنی باڵای سۆڤێت بڕیارێکی دەرکرد بۆ گێڕانەوەی ئیعتووبار بۆ هەموو ئەو گەلانەی بەشێوەیەکی ناقانونی تووشی زۆرداری بونەتەوە، کوردەکانیش لای خۆیانەوە لە ئایاری ١٩٨٩ کۆنفراسێکیان بەست، هەروەها بە دوایدا لە ئەیلولی هەمانساڵ کۆنفراسی کوردان بەسترا، ئامانجی گردبوونەوەکە ئەوە بوو دەوڵەت دانبنێت بە هەموو ئەو ستەم و زوڵمەی لە کورد کراوە. سەرلەنوێ قەوارەیەك بە ناوی کوردستانی سۆڤێت و دواتر دەبێت بە کوردستانی کەفکاز دابمەزرێت.

لە ۲۰/ نیسانی/ ۱۹۹۰ چواردە کەس کە نوێنەری کوردبوون ڕاوێژکاری کۆرباچۆڤیان بینی و ڕاپۆرتێکیان ڕادەستکرد، ئەم دەرفەتەش زرو نەزۆك بوو، چونکە دەوڵەتی سۆڤێتی خۆری لە ئاوابووندابوو، هاوکات کۆمارەکانی دیکە یەك لە دوای یەکتر جاڕی سەربەخۆیان دەداو نەیاندەهێشت مۆسکۆ بڕیارەکانی بە سەریاندا بسەپێنێت.

لە ئۆکتۆبەری ساڵی ۱۹۹۰ ئەنجوومەنی سۆڤێتی باڵا لیژنەیەکی پەرلەمانی بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی کوردانی سۆڤێت دامەزراند، پێکهاتبوو لە سەت ئەندام پەرلەمان، نوێنەرانی کورد، سەرکردەی ئەو کۆمارانەی کوردیان تیادا دەژیا، سەرباری پسپۆڕان و شارەزایان لە سەر دۆزی کورد، هەموو بژاردەکان تاوتوویٚ کران بۆ گێڕانەوەی مافەکانی کورد، بەڵام بە هۆی بیروڕای جیاوازەوە نەگەیشتنە ئەنجام.

ناکۆکی ماڵاباتی کوردان هۆکارێکی گرنگ بوو لە وەلاوەنانی داخوازێکانیان، چونکە دوو بۆچوون لە ئارادا بوو، یەکێکیان ڕای وابوو پێویستە کۆماری کوردستانی کەفکاز ڕابگەیەنرێت کوردانی حەمی ولاتانی دی ژڤێرە جەم بکرێن، لایەنی دووهەمیش بە باشی دەزانی ئەو کۆمارانەی کوردیان تیادا نیشتەجێیە کۆمەڵەی کەلتووریان تیادا دروست بکرێت و مافی کوردانی پێ بسەنرێت.

لە چاوپێکەوتنێکدا "گۆران کوێخا سمایل تەلانی" دەڵێت: محەمەد سلێمان بابیف ساڵی ۱۹۸۹ ڕێکخراوێکی دامەزراند بە ناوی یەکێتی کورد، لە وەزارەتی دادی یەکێتی سۆڤێت داوای مۆڵەتی کرد، لە درێژەی دیدەنێکەدا دەڵێ: محەمەد سلێمان لە ساڵی ۱۹۵۹ لە هەوڵی دروستکردنەوەی کۆماری سوردایە، بەڵام بە هۆی دژایەتیکردنی تورك و ئازەرێکان هەوڵەکانی شکست دەهێنێت. بە داخەوە ناکۆکی ماڵباتی کوردان ڕۆڵی سەرەکی بینی کوردانی سۆڤیەت هیچ مافێك بە دەست نەهێنن، تەنانەت کوردانی ئازەربایجان نەك کوردستانی سووریان بونیاد نەنایەوە بگرە شار بەدەر و ئاوارەی وڵاتانیش کران.

وەکیل مستەفا لە٩/ حوزەیران/ ١٩٩٢ سەردانی لاچین ەدەکات، کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان ڕێکدەخات، بە چەندین پاس کوردان لە یەریفانەوە هاتبوون. لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە ئامادەبوونی وەکیل مستەفا بڕیاندا کوردستانی سوور دروستبکەنەوە.

لە نۆ و جارێکیتر بە سەرۆکایەتی "وەکیل مستەفا" ساڵی ١٩٩٢ کۆماری لاچین بونیادنرایەوە، ئەمجار بە هۆی پشتگیری نەکردنی جەماوەری و دژایەتی ئەرمەنەکان تەمەنی کۆمار تولی نەکێشا و هەمانساڵ کۆتایی پێهات، لە ساتەوەختەوە سەرۆکەکەی لە وڵاتی ئیتالیا پەناهەندەیە، لە کاتێکدا نەتەوەکانیتر بوون بە خاوەن دەوڵەت و سەروەری خۆیان، وەك چاچانێکان و ئەوانیتر.

د. ئەفراسیاو هەورامی لە کتێبەکەیدا کوردەکانی پشت قەفقاس لە لاپەڕە "٢٩٠" باسی چەرمەسەری کوردان دەکات دوای ڕووخاتی دەسەڵاتی سۆڤێتی چۆن کوردەکان ژیانیان لێ تاڵکراوە ئەو دەنووسێت: کوردی سۆڤێتی پاش ڕزگاربوونیان لە دەست ئەو ڕژێمە ئاواتەخوازی ژیانی ڕابردوویانن و بە باشتری دەزانن! کەچی هیچکامیان باشنبن، ئەگەر پێشتر هەوڵی گەڕانەوەیان بۆ زێدو نیشتمان و دووبارە دروستکردنەوەی کوردستانی سوور بووبێت، بەڵام ئەوڕۆ لە بەر دەر بەدەری دۆزینەوەی کار ژیانیان لێ تاڵ بووە.

# کورد و کێشەی ناگۆڕنی قەرەباغ لە نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستاندا

کێشەی قەرەباغ یەکێکە لە کێشە کۆنەکانی یەکێتی سۆڤێتی جاران ڕەهەند و پێوەری گەورە فراوانی هەیە، قەیرانەکە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٠ سەدەی ڕابردوو دا سەریهەڵدا، پاش سەربەخۆیی هەردوو وڵات بەشێوەیەکی ئاسایی کێشەکە وەك ئاوری ناو ژیلەمۆ گەشایەوە ە هەردوو وڵاتی تووشی جەنگێکی خوێناوی کرد.

وڵاتی ئازەربایجان لەوکاتەی بەشێك بووە لە یەکێتی سۆڤێت وڵاتێکی فرە نەتەوەبووە و ڕوو بە ڕووی کێشەی کەمینە نەتەوەکان بوەتەوە، لە نێو ئەو مەسەلانەدا کێشەی ناگۆرنۆ قەرەباخ هۆکاری هەڵگیرسانی جەنگێکی سەرتاپاگیربوو لە نێوان ئەو کۆمارە و ئەرمەنستاندا، بە گوێرەی ئاماری بڵاوکراوە لە قەرەباخ سەد و پەنجا بۆ سەدو شەست هەزار ئەرمەنی نبشتەجێن کە ٧٠٪ بۆ ٧٥٪ دانیشتوانی ناوچەکە پێکدەهێنن، داواکاری جوداخوازانەی کەمینەی ئەرمەنی لە قەرەباخ پەنجا هەزار کەسی کردۆتە قوربانی و دوو سەدو پەنجا هەزار ئازەریش ناچاربوون لە ئەرمەنستانەوە ڕوو لە کۆماری ئازەربایجان بکەن. پاشان چوارسەد هەزار ئەرمەنی دانیشتوانی شارە جیاوازەکانی ئازەربایجان ڕویان لە قەرەباخ و کۆملری ئەرمەنستان کرد. هاوکات سەرباری ناوچەی قەرەباخ ئەرمەنستان شەش پارێزگای لە کۆماری ئازەربایجان داگیر کردووە " سەرئەنجام هەشەست هەزار ئاوارەی ئازوری لە ناوچەکانی تری وڵات ژیان بەسەر دەبەن. بە مشێوەیە ئەرمینیا ٢٠٪ خاکی ئازەربایجانی داگیرکردووە

کێشەکە ڕەهەندی جۆراوجۆری لە خۆگرتووە، بۆ نموونە ئازەرێکان لە جیهانی ئیسلام و بەپێوەری تورك گرنگیەکی تایبەتیان هەیە، ئەرمەنێکانیش بە هۆی ناسنامەی ئاینی تایبەتیانەوە "ئەرتەدۆکس" هەلومەرجی تایبەتیان لەناو جیهانی ئیسلامیدا هەیە. هەروەسا

هەواڵنامەی کتێب

هاوسنووری ئەرمەن لە تەك موسڵمانانندا بە درێژای مێژوو گرژی، ڕوو بە ڕووبونەوەو ناکۆکی لە نێوانیاندا هەبووە لە هەلوو مەرجی بە جیهانی بوونی پاش ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت ئاگربڕێکی ژێر خۆڵەمێش لە ناوچەکەدا هەبووە. بەڵام تاسەر تولی نەکێشا، کێشەی قەرەباخ هۆکاربوو کە هەستی ناسیۆنالیستی لە هەرتك کۆمارو تەنانەت لە ناوچەی قەرەباخیشدا بوروژێنرێت.

د.جەبار قادر لە بارەی مالوێرانی کوردان لە هەمبەر قەرەباخدا دەڵێت: قەرەباخ لە نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستاندا ماڵوێرانی زۆری بۆ کوردان هێنا، چونکە شەڕەکان لەو ناوچانە بوون کاتی خۆی کوردستانی سوریان پێکدەهێنا، هێزی ئەرمەنێکان بۆ ئەوەی بگەن بە ناوچەی قەرەباخ دەبوو بە ناوچە کوردێکاند ا تێ پەریبان، بەواتایەکیتر شەڕەکە ماڵی کوردانی گرتەوە، لە شەڕەکەدا هەردوو دەولەت هەوڵیاندەدا کورد بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن، ئازەرێکان بەناوی ئاین و ئەرمەنێکانیش لە ژێر پەردەی دوژمنایەتی کورد و تورك و ستەمەکانی تورك بەرانبەر هەردوو نەتەوە. کوردی ئێزیدی موسڵمانیان دەکرد بە گژی یەکتردا.

لە کۆتاییدا هەموو کوردە موسڵمانەکانیان لە ئەرمەنستان دەرکرد کە ژمارەیان سی هەزار سەرێك دەبوو، بە هەمانشێوە کوردانی ئازەربایجان لە ئەنجامی هێرشی ئەرمەنەکان ناوچەکانی خۆیان بە جێهلاو ڕوویان کردە دەڤەرەکانی ئازەربایجان و دەرەوەی ئازەربایجان، لە ئەنجامدا گشت ئەو ناوچانەی کوردستانی سوریان پێکدەهێنا بوو بە پایتەختی کۆماری ناگۆرنۆ قەرەباخ. ئەگەرچی لەکاتی شەڕەکاندا هەردوو دەوڵەت بەڵێنی زۆریان بە کورداندا ئەگەر هاوکاریان بکەن مافەکانیان دابین دەکەن، تەنانەت بەڵێنی دروستکردنەوەی کۆماری سوریشیان پێ دان.

دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی لە کتێبی تراژیدیای کوردەکانی سۆڤیت دەنووسێت: لە کاتی داگیرکردنی ناگۆرنۆقەرەباخ لە لایەن سوپای ئەرمینیاوە چوونە کوردستانی سوور، واتە لاچین ئاڵای کوردستانیان

هەڵکرد و بە چەپڵەڕیزان پێشوازیان لێ کرا، ڕێورەسمێکی تایبەتیان ڕێکخست و بەشداربوان ئاڵای کوردستانیان ماچ دەکردو سوێندیان پێ دەخوارد، بەڵام دوو کاژێر دوای هەڵکردنی ئاڵاك ە ئەرمەنەکان ئاڵاکە دەسوتێنن!

لە ئێستادا زۆر ئەستەمە کوردستانی سوور دروستبکرێتەوە، چونکە کورد لە هەوڵی پارچەکانیتردایە تەنانەت وڵاتانی زلهێزیش کە یارمەتی کورد دەدەن بە تایبەت ڕوسیا حەز ناکات کێشە و ململانێی نێوان نەتەوەکانی قەفقاز درووست بێتەوە، هاوکات کوردەکانی قەفقاز هێندە یەکگرتوو تەبا نین و هەر کۆمەڵێکیان کەوتۆتە وڵاتێکەوە، بەڵام پەکەکە هەوڵی زۆر دەدات و چالاکی زۆرە لەو ناوچانەدا کە ئایدۆلۆژیای ئەو حیزبەی تیادا باڵادەستە، بە تایبەت لە ناو کوردە ئێزدێکانی ئەرمینا.

ئەنجامی شەڕەکە دەربە دەری و ماڵوێرانی بۆ کورد هێنایەکایەوە، پاشماوەی کوردان بۆ بژێوی ژیان ڕوویان لە ڕوسیاکرد و زۆربەیان ناچاربوون پاسپۆرتی خۆیان بگۆڕن وخۆیان بە هاوڵاتی ڕووسیا ئەژمارکرد، زۆرینەی ئاوارەکان کە توانی کڕینی خانوو یان گۆڕینی پاسپۆرتیان نەبوو خەریکی کاری ڕەش و هەژارین، زۆر جاریش لە لایەن پۆلیسەوە جەریمە دەکرێن یاخود تووشی ڕاوەدونان و ڕاگرتن دەبنەوە لە ناوەندەکانی پۆلیسدا گەلەك سووکایەتیان پێ دەکریت.

دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت وڵاتانی تازە سەربەخۆ دروشمەکانی برایەتی، ئاشتی و پێکەوە ژیانیان وەلاوەناو کەوتنە تەنگ پێ هەڵچنین بە میللەتانی بچوك و کەمدەست، وەك مەحمود نەجمەدین دەڵێت: لە ئەنجامی ئەو سیاساتانە کوردەکانی قەفقاز وەك بەفر توانەوە.

.

## سەرچاوەکان:


- شۆڕش: محمد ڕەزا سەعید، ٢٠١٧
- کوردستانێکی ونبوو: مەحمود نەجمەدین ٢٠١٥
- تراژیدیای کوردەکانی سۆڤێت: د. ئەفراسیاو هەورامی ٢٠٠٤
- کوردەکانی پشت قەفقاس د. ئەفراسیاو هەورامی ٢٠٠٥
- الاكراد في جمهوريات إتحاد السوفيتي السابق: محمد علي السويركي ٢٠١٤
- كردستان و السياسه السوفيتيه في شرق الأوسط: د.فاضل رسول
- ڤلادمیر ف. مینۆرسکی" وەرگیرانی ئازاد عوبید سالح
- ئه نتەرنیت


هەواڵنامەی کتێب

# پێڕست


بابەت ... لاپەڕە

دەستپێك: ........................................................ ١

کوردستانی پشت قەفقاس لە سەرچاوە ڕووسیەکاندا ................. ٥

کوردستانی پشت قەفقاس لە سەرچاوە کانی سۆڤێتیدا................ ٧

شوێنی نیشتە جێبوونی کورد: .................................... ٧

ژمارەی کوردانی پشت چیاکانی قوفقاس: ........................ ٩

شۆڕشی ئۆکتۆبەرو مافی گەلان: ................................ ١٠

کوردستانی سوور:.................................................. ١٢

بژاڤی ڕۆشنبیری لە کوردستانی سوور. .............................. ١٤

کورد لە نێوان بەرداشی ئازوربایجان سندانی ئەرمەنستاندا: ........ ١٥

کورد لە سەردەمی ستالین:........................................ ١٥

بارودۆخی کورد دوای مەرگی ستالین: ............................ ١٩

بارودۆخی کورد دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت:............ ٢١

کورد و کێشەی ناگۆڕنی قەرەباغ لە نێوان ئازەربایجان و
ئەرمەنستاندا. ........................................................ ٢٤

سەرچاوەکان:........................................................ ٢٧